## دیوانی سیف القضاة

ئەمر میرزا حەسەنی سەیفولقوزات، مامی پێشەوا قازی محەمەد و باوکی شەهید حەمە حسێن خانی سەیفی قازی وەزیری جەنگی کۆماری کوردستان (١٩٤٦)ە. سەیف شاعیرێکی خۆش مرخ و ساحیب دیوانە، بەشێک لە شیعرە کوردییەکانی پێشتر لەلایەن مامۆستا ئەحمەدی قازی یەوە بڵاو بوونەتەوە و من ئێستا لەبەر سێ دەستنووسی بنەماڵەی بەڕێزی قازییەکان خەریکی ئامادەکردن و بڵاوکرنەوەی سەرجەمی شیعرە کوردییەکان و هەندێک لە شیعرە فارسییەکانیم.

سەیف کەسایەتییەکی سیاسی و جێگەی ڕێزی خەڵکی موکریان و کوردستان و یەکەمین سەرۆکی دائیرەی فەرهەنگی مەهاباد بوە کە دواتر پێشەوا جێگەی ئەوی گرتەوە. سەیف دانیشتووی گوندی گوێگجەلی بوو لە ناوچەی سەر چۆمی جەغەتوو لە نێوان بۆکان و مەهاباد و میاندواو و لەو گوندە و گوندەکانی دەوروبەری باغ و دارستانی ئەوتۆی بەرهەم هێنابوو کە لە ناوچەکەدا دەنگی دابوەوە.

شیعرەکانی سەیف زۆربەیان سیاسین یا کۆمەڵایەتی. لە شیعرەکاندا باسی گوندەکانی دەوروبەری بۆکان و کەسایەتی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی و ئاغاواتی دێبوکری و گەلێک بابەتی دیکە ی پێوەندیدار بە بۆکان کراوە و زۆریەک لە شیعرەکانی بۆ عومەرئاغای عەبباسی خاوەن مڵکی گوندی کولتەپەی قورمیش یاخود بۆ شێخی بورهان نووسیون. سەرچاوەکان:

١. دیوانی سیف القضات، گردەکۆیی قازی ئەحمەد، ناشر ؟ چاپی یەکەم، تاران ١٣٦١[١٩٨٢]، ٨٢ لاپەرە،

٢. دەستنووسەکانی بنەماڵەی بەڕێزی قازی ، کە وا هەیە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ بڵاو بکرێنەوە.